# ٣/١٦ مێژووی مەرگەسات

ئیبراهیم ڕەئوف



ڕۆژ ٣/١٦یە و ئاخۆ لەم دەڤەری قەزاوقەدەرەدا چی ڕوو دەدات!؟
شار باخچەی شاعیرانە، سیروان خەم بەرۆکی دەگرێت، زەڵم گوێقولاغی هەواڵێکە، تانجەرۆ هەر چاوەڕێیە، گوڵەگەنمەکانی شارەزوور بەرزەپێ ڕاوەستاون، چاوەڕوانی شەپۆلی شنەبایەکن، باڵندەکان لە ئاسمان دوودڵن، هەڵفڕین بەرەو کوێ؟!
ئێرە هەڵەبجەیە؛ ئەو شارە خۆڕاگرەی کە هەمیشە جێنزرگەی کوردایەتی و ئایینپەروەرانە، ئەمە وڵاتی زامەکانە، جێژوانی گوڵ و پەپوولەیە، ئێرە لە وڵاتی داغستان جوانترە، خەڵکی چیایان خۆش دەوێت، ئەوەتا شنرۆێ، باڵامبۆ و هەورامان ئیرادەیان چەند بەهێزە و چەند سەربڵندن! لێرە خەڵکی وەک حەلاج لەسەر حەقن و دروشمیان «أنا الحق»ە و لە مردن ناترسن.
لێرە بارانی شیعر دەبارێت، ئەمە خاکی میحرابەکەی حەزرەتی نالییە، "حەبیبە عیشق و ئەوینی پاکیزەییمان فێر دەکات..." ئێرە هەوارگەی (وەلی و شەم)ە، ئەمڕۆ دەفتەری باڵی پێنج هەزار پەپوولە دەسووتێن، وەرن یارانی فریادڕەس، ئێرە دەبێتە تراژیدیای حەقیقەتی شانۆی مەرگەسات.
هەڵەبجە گیان! دوژمنان دەیانەوێت بتخنکێنن، هێدی هێدی ئارام بە و وا هێرۆشیما و ناگازاکی بۆ ئێرە دێن، لیژنەی (بەکواش)یان لەتەکدایە. ئاخ شاری ڕۆحی هەموو کوردان، خەڵکی سەر ئەم هەسارەی زەوییە تۆ دەناسن. لە سەرەتای مەرگەساتی تۆی مەملەکەتی مۆمیا کراوەوە، گشت حەز دەکەن خەڵکی هەڵەبجە بم، کەس نییە عومەری خاوەر و کۆرپەکەی نەناسێت، لەم زەمەنی وەیشومەوە ئیتر عومەر پاڵەوانی داستانێکە و سەرلەشکری پێنج هەزار کاروانچی ڕێگای خۆرە. هەڵەبجە و کیمیاوی، ئەستێرە و پەپوولە و شارێکی مۆمیاکراوی کورد دەبنە ڕۆمان. پیر محەمەد هانا بۆ کێ بەرێ؟ کۆترەکانی سەرا و کانیی عاشقان لەبنەوە شاباڵیان هەڵدەکێشرێت، کانیی شێخ و کانیی قوڵکە دەستی نزایان وشک دەبێت، بامۆ و شێخ سمایل بە بێدەنگی گوڵئەستێرەی ڕۆحیان هەڵدەفڕێت بۆ بەرزترین خاڵی ئاسمان، لەوێ بە مەنزلی نەمری دەگەن... هەڵەبجەگیان.
کە مەرگەساتی پاش بارانی ژەهر ویژدانی زاناکانی دنیا نەهەژێنێت، پیاوکوژانیش لە مەتەرێزی جەنگی ئەستێرەکاندا بن، ئیدی چاوەڕوانی بەختی کوردان لە کام ئەستێرەی ژەهراوی بەدی دەکرێت کە گشت ڕۆژێک خۆر بە ئارەزووی دیکتاتۆرەکانی سەرزەوی هەڵبێت و ئاوابێت، ئیتر چۆن مانگ یەخسیر ناکرێت و لە تیشکی خۆری هاوسەری بێزار نابێت، ئەمجارەیان (با) دەستەمۆی بڕیاری شەڕەنگیزێکی مرۆڤکوژ بوو، بۆیە ساتێ نامەی شاعیرانی پێدا ڕەت نەبوو ئەمجارەشیان قەرەجەکانی ناو کۆشکەکانی هەوا بێ ئاگا بوون، وەک ئەو ڕۆژەی تەفرەدان و مێخەکانیان بەسەر بارانی ڕۆم فرۆشت و مەسیحی پێ لە خاچ درا.
تەنیا باخەوانێک نەیتوانی داڵدەی پەپوولەیەک بدا لە گوڵزاری باخچەکانیدا، چ جای پێنج هەزار پەپوولەی خنکێنراو، گوێیان لە سکاڵای تەنیا وشەی شاعیرێک نەگرت لەناو قەسیدەیەکی پڕ لە مەرگدا. ئاوی ڕووباری سیروانیش نەیتوانی ژەهری سەرلێوی منداڵێکی مۆمیاکراو بسڕێتەوە لە ئامێزی گەرمی باوکیدا.
ئەگەر ئەو ڕۆژە دۆلفینەکان هەواڵی ئەم مەرگەساتەیان ببیستایە وەک نەورەسەکانی کەنار دەریا خۆیان دەکوشت، ئای لە پاکیزەیی عەشقی نەورەس و بەرائەتی ئاو.
شەوێک لە خەونمدا عومەری خاوەرم دی لە سەرەوە تابنی پێی هەر فرمێسک بوو منداڵەکەی باوەشی چاوەڕوانی دیارییەکی بابانوئێل بوو، لەجیاتی جەژنانە، گازی خەردەل و سیانید بووە خەڵاتی. منداڵەکان ئیتر چاوەڕێی بابانوئێلی سیاسەت مەکەن، ئیتر بە ڕیشی سپی ژێر دەمامک باوەڕ مەکەن، ئەوان خدری زیندەیان دەربەدەر کرد، وەک چۆن مەولانا خالیدیان ناچار کرد خاک جێ بهێڵێت و لە وڵاتی نامۆییدا سەر بنێتەوە، بە گومانەوە مەڕوانە تاوانی جەلادەکان، ئەوان لە زمانی باڵندە و سکاڵای مرۆڤ ناگەن. ئەوان ماری سڕ بوون و پێوەدانیان بیر ناچێتەوە، بڕۆن هۆنراوەکەی شێرەوی بێکەس بخوێننەوە. مەگری دایە، ئیتر جارێکی تر نامریتەوە، دڵنیا بە لە بەهەشتی خواوەندی ئازادیدا یەک دەگرینەوە و من لەوێدا ڕووخسەت لە فریشتەکان وەردەگرم و دەست لەسەر سنگ ڕادەوەستم و بە دەنگی بەرز هاوار دەکەم لەم مەرگە مەترسن لە مێژەوە بەهەشتی خوا لەژێر پێی دایکاندایە..

سلێمانی

## نامەیەک بۆ سەرۆک و ئەندامانی کۆنسەی بەڕێوەبەری "ک. ن. ک"

**بەڕێز مامۆستا عصمت شریف وانلی - سەرۆکی "ک. ن. ک"**

**بەڕێزان ئەندامانی کۆنسەی بەڕێوەبەری "ک. ن. ک"**

داخۆیانی کۆبوونەوەی ڕۆژی (٢٠٠١/٩/٣٠)م بە دەست گەیشت. لە هەستکردن بە لێپرسراوێتی بەرانبەر بڕوانامەی کۆنگرە، تێبینییەکانی خۆمتان پێشکەش دەکەم:
یەکەم: مەحکومکردن و ناوهێنانی (ئیسرائیل) لەپاڵ (تورکیا) لە داخۆیانەکەدا، لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماتییەوە، لە بەرژەوەندیی (کورد)دا نییە. داگیرکەران و دوژمنانی ڕاستەوخۆی کورد خۆیان هێندە کەم نین هەتا فراوانتر و زێتریان بکەین!
بەو ڕاگەیاندنە، نە عیراق و نە وڵاتانی عەرەب، نە ئێران و وڵاتانی ئیسلامی تر دەبنە دۆستی کورد و ئاوڕی خێر لە K.N.K دەدەنەوە. پەیامی کۆنگرە لەبارەی فەلەستین و ئیسرائیلەوە پێویستە خواستی سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و کۆتاییهێنان بێت بە نواندنی زەبروزەنگ بەرانبەر بە یەکتر، بەبێ ئەوەی ببینە لایەن لەو ململانێیەدا.

دووەم: نیشانەدان بە بارودۆخی باشوور بەم شێوەیە:
"لە باشووری کوردستان شەڕ و پێکدادان لەنێوان ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستاندا ڕووی داوە و لە ئەنجامدا زۆر کەس ژیانی خۆی لە دەست داوە." لێرەدا تەواو بە پێچەوانەی خاڵی یەکەمەوە، ئەرکی کۆنگرەیە، بە قووڵی کێشەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان دیراسە بکات و پەیامی خۆی لەبارەیانەوە ڕابگەیەنێت، نەک خۆی لێ بێ ئاگا بکات و پشتگوێی بخات!
بەڕێزان؛ بە بەڵگەنامە و دەنگ و ڕەنگی خۆیان دەرکەوت کە هەندێ ئەفغانی و عەرەبی ئیسلامی تیرۆریست هاتوونە باشوور و لەگەڵ باندێکی تیرۆریستی ناوچەکەدا لە ڕۆژی ٢٠٠١/٩/٢٣ قەسابخانەیەکیان لە گوندی "خێڵی حەمە" بۆ دەیان دیلی "ی. ن. ک." دانا. ئەو کارە لەلایەن جەماوەری ناوەوە و دەرەوەی وڵات، "پ .د. ک" و سەرجەم ڕێکخراوەکانی باشوور مەحکوم کراوە بە یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیشەوە، ئیتر بۆ دەبێت K.N.K خۆی لێ بێ دەنگ بکات؟!
زیاد لەوەش ئەو تیرۆریستانە بە یەکێ لە ڕێکخراوەکانی باشوور ناو ببا و شەرعەتیان بداتێ؟!
جێی خۆی بوو کاتێ هەر ئەم گرووپە تیرۆریستە کاک (فرانسوا حەریری)ی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی "پ. د. ک"یان تیرۆر کرد K.N.K هەڵوێستی دروستی وەرگرت و دەنگی ناڕەزایی بەرز کردەوە!
ئایا "ی. ن. ک" ئەم هەڵوێستەی K.N.K بە ناحەزی بۆ خۆیان لێک ناداتەوە؟
بەڕێزان.. لە دڵسۆزییەوە ئاگادارتان دەکەم، ئەم هەڵوێستە لە ئاستی بڕوانامەی کۆنگرەدا نییە، پێویستە K.N.K جێگای خۆی لە ڕیزی دەسگا و ڕێکخراوە عیلمانی و پێشکەوتنخواز و نیشتیمانپەروەرەکانی کوردستان بەرز ڕابگرێت. هەوڵی نزیک ردنەوە و کۆکردنەوەیان بدات بەرانبەر داگیرکەران و تیرۆریستانی ناوخۆ و دەرەوە.

لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستی زۆرمدا

**تەحسین قادر**
ئەندامی کۆنگرە ـ سوید

# حکوومەتی کورد: لە مۆبۆکراسییەوە بۆ دیمۆکراسی!

سەنار مستەفا

ماوەیەک لەمەوبەر یەکێک لە لێپرسراوەکانی حکوومەتی ڕاستڕەوی ئاریل شارون سەبارەت بە فیصل الحسینی وتبووی: "مادام کەسێکی وەک فیصل قەناعەتی لە فەوتاندنی حکوومەتی ئیسرائیلییەوە گۆڕاوە بەرەو دیالۆگ، پێویستە ئێمەش بگۆڕێین."
هەروەها هاشمی ڕەفسنجانی، پێرێ لە تاران، لەو کاتەدا کە دەیویست وەک ڕەفتاری هەمیشەیی خۆی ناڵ و بزمار پێکەوە بکوتێت و هەم هەڕەشە لە باڵی خاتەمی بکات و هەم بە نابەدڵی دەنگی بخاتە پاڵ دەنگی نەوەی نوێخوازی ئێرانی کە داواکاری ئازادی و دیمۆکراسییە، ڕایگەیاند: "نمی شود بازمان مبارزه کرد و بامقتضیات هر عصری که جبارانه خودش را تحمیل میکند در جامعه و مخالفت کرد، لاباید همراه بانیازمندیهاو جامعه و شرایط متحول شد." (اطلاعات بین المللی ٥ ـ ٦ـ ٢٠٠١)
واتە: "ناکرێت ململانە لەگەڵ زەمانە بکەین و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی هەر سەردەمەدا کە بە زۆردارەکی خۆیان بەسەر کۆمەڵدا دەسەپێنن نەیاری بکەین، بۆیە پێویستە هاوشان لەگەڵ خواستەکان و کۆمەڵ و زروفدا بگۆڕێین."
ئەوەی ئایا "حکوومەتی کورد" وەک دەسەڵاتە سیاسییەکانی ناوچەکە و دەوروبەر ڕاستییە بابەتییەکان دەبینێت و حسابیان لەسەر دەکات، پێویستی بە لێکدانەوە و چاودێرییەکی بەردەوام و درێژخایەنە، بەڵام بینینی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق لەم دوو ساڵەی دواییدا و وەرچەرخانەکانی دەسەڵاتی سیاسی تیایدا پێویستی بە میکرۆسکۆب نییە:
- هەنگاونان بۆ ئاشتی و نزیککەوتنەوەی دوو حیزبی سەرەکی.
- هەوڵدان بۆ چەسپاندنی وەزعی کوردستان لە ناوچەکە و جیهاندا.
- بیناکردنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان بە هاوکاری UN و وڵاتانی جیهان و ناوچەکە.
- بەهێزکردنەوەی متمانەی ڕوحیی خەڵک بە توانایی خۆیان؛ و
- ڕێگەدان بە جووڵانەوەی سەرمایەی ناوخۆ و تەرخانکردنی لە لق و بەشە جیاکاندا.

لەباری سیاسیشەوە:
- ڕێگەدانێکی نیسبی بۆ دەربڕینی خواست و بۆچوونی کەسانی بەدەر لە حیزبە دەسەڵاتدارەکان و بە واتایەکی تر «ئازادیی ڕۆژنامەگەری» لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا.
ناسینەوەی ئەوەی کە ئایا سیاسەت و کردەوەی حیزبەکانی کوردستان و حوکمی کوردی بەڕاستی دیموکراسیانەیە یاخود هێشتاش لە قۆناغی مۆبۆکراسیدا جینگڵ دەدات، جگە لە کات و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مرۆڤ و ڕووداوە واقعییەکاندا، پێویستی بە بەڵگەی تر نییە و ئەو فاکتانەی سەرەوە تا ئەندازەیەک دەریدەخەن کە «حوکمی کوردی» دەتوانێت گوێ بۆ ڕاستییەکانی «کۆمەڵ و زروف» هەڵبخات و ئەگەر بیەوێت دەتوانێت زۆر زیاتر لە دراوسێکانی بوار بۆ ئازادیی ژیان و دوان بڕەخسێنێت.
لەم نێوانەدا پێویستە خاڵێکی گرنگ سەبارەت بە «ئۆپۆزیسۆن» و خێڵی ناڕازیانی حوکمی کوردی ڕوون بکرێتەوە، ئۆپۆزیسۆنێک کە سەرەڕای بێ بەرنامەیی و بێ ڕەهبەری و بێ کاری، لە ئاستی قەبارەدا، هەرگیز ناشێت لەگەڵ تەمەن و قەبارەی حوکمی خۆماڵیدا پێوانە بکرێت.
ئاشکرایە کرانەوەی دەرگاکانی ئەوروپا و ئینەرنێت و بچووکبوونەوەی جیهان تا ئاستی گوندێک، لە فراوانکردنی خواست و داواکانی مرۆڤی کورددا ڕۆڵی هەرە سەرەکی دەگێڕێت و دەسەڵاتی خۆماڵی نەک ناتوانێت ڕێگای پێ بگرێت و وەک ئۆپۆزیسۆنێکی نایاسایی و توندڕەو لێیان بڕوانێت، بەڵکو دەشێت هەرچی زیاتر خودی حوکم ڕووەو «یاسا» هان بدرێت و لەو چوارچێوەیەدا چ دەسەڵات و چ حوکمکراوەکان ناچار بن بە پلاتفۆرمێکەوە ببەسترێنەوە کە دڵنیا بن لە یەکسانی و ویژدانەوە نزیکە و نەریتی مۆبۆکراسی ناکاتەوە سەروەر و دەسەڵاتدارەکەی جاران.
چەقی قورسایی و خاڵی تەوەری لە مەسەلەی مانەوە و درێژەکێشانی تەمەنی دەسەڵاتی کورددا لەوەدا خۆ دەنوێنێت کە دەر بکەوێت ئەم حکوومەتە ئامادەیە مل بۆ «یاسا» مۆدێرن و گونجاوەکانی سەردەم بدات و یەکسانیی ئەندامەکانی کۆمەڵ ـ لانی کەم لە باری ماف و ئەرکەوە ـ بە ڕەسمی بناسێت و پراکتیکی بکات.
مەرجی سەرکەوتنی دیموکراسیەت و تێکشکانی سیماکانی مۆبۆکراسیەت لە کوردستانی عیراقدا لەوەدایە کە بزانرێت حیزبە سیاسییەکانی کورد تا چ ڕادەیەک ئامادەن گوێ بۆ جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان بگرن و ڕێکخراوە تەریبەکان لەگەڵ دەسەڵاتدا ڕێز لێ بگرن و بەهانەیان پێ نەگرن.
سەرکەوتن و سەروەربوونی «یاسا»، لەم سەردەم و زەمانەیەدا، وەک پلاتفۆرمێک کە دەتوانێت هەموان لەسەری یەکدەنگ بن، دەشێت وەک خاڵی وەرچەرخان وەربگیرێت و بکرێتە «پێوانە» بۆ سەرجەم گرووپ و حیزبە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەکان.
دیموکراسی و مۆبۆکراسی چەندین سەدەیە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا خەریکی ململانەن. بێگومان زۆر جێگەی خۆشحاڵییە گەر حوکمی کوردی بتوانێت پاشەکشە بە دیماگۆگیەت و ڕەفتارە باوەکانی حکومەتە گەندەڵەکانی ناوچەکە بکات و هەق و ڕەوایە لە حاڵەتێکی وادا هەموان بە شێوازێکی جیاواز ڕەفتار لەگەڵ ئەو ڕەفتارە نوێیەدا بکەن کە خەریکی چەسپان و سەقامگیربوونە لە ناوچە دابەشبووەکانی کوردستاندا.

٢٠٠١-٨-١